KCCRC

Terrorism & Security Studies TSS

# کاریگەری قەیرانی ناوەکی ئێران لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل دوای ساڵی 2018



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٢٠

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Terrorism & Security Studies TSS

# کاریگەری قەیرانی ناوەکی ئێران لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل دوای ساڵی 2018


کۆسرەت خدر ئەبوبەکر

خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سلێمانی

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# کاریگەری قەیرانی ناوەکی ئێران لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل دوای ساڵی 2018

کۆسرەت خدر ئەبوبەکر

**پێشەکی**

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ هەرێمێکە کە تیایدا کۆمەڵێک جەمسەربەندی ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئاینی و مەزهەبی جیاواز لەخۆی دەگرێت. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە سەرەکییەکانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو جەمسەرە سیاسییە جیاوازانە و دەوڵەت و قەوارە سیاسییەکانیشی ئەوەیە کە زۆربەیان بەردەوام لە ململانێ و کێبڕکێ و دژایەتی کردنی نەیارەکانیاندان. دوو لە سەرەکیترین ئەو جەمسەرە سیاسییە ناکۆک و دژبەیەکانەش بریتین لە ئێران و ئیسرائیل، کە هەریەکەیان ستراتیژ و تاکتیکی جۆراوجۆر بۆ بەهێزکردنی خۆیان و ململانێ لەگەڵ یەکتردا بەکاردەهێنن. ئەمەش وایکردووە هەندێکجار ململانێی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە، یان جەمسەرە سیاسییە، کاریگەری نەک لەسەر یەکتر، بەڵکو لەسەر ئاسایشی جیهان و بەتایبەتیش ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستبکات.

بەرنامەی ناوەکی ئێران؛ یەکێکە لەو ئامراز و ستراتیژ و پلانانەی کە ئێران بەهۆی کۆمەڵێک پاڵنەر و هاندەری جیاواز و لەپێناو بەهێزکردنی خۆی و لاوازکردنی نەیارەکانی پەنای بۆ بردووە و خەرجی و تێچوو و توانایەکی زۆری مادی و مرۆیی بۆ بونیادنان و پێشخستنی تەرخان کردووە. لە بەرامبەریشدا کاردانەوەی زۆر و فراوانی نێودەوڵەتی لێکەوتووەتەوە. هەوڵی جیاجیای سیاسی و دیپلۆماسی و فشاری ئابووری هەتا هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزیش لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ وەستاندن و لە گەشەخستنی بەرنامەکە خراوەتەگەڕ. لەو ڕووەوە بە چاوپۆشی لە وردەکارییەکانی بونیادنان و گەشەپێدانی بەرنامەکە و هەوڵە جیاجیاکانی بەرپێگرتنی، دەکرێت ئاماژە بەدوو قۆناغی سەرەکی کار و کاردانەوەکان لەو بارەیەوە بکەین، ئەوانیش بریتین لە:-

قۆناغی یەکەم: قۆناغی ئاشکرابوونی بەڵگەکان لەسەر بوونی چەند بنکەیەکی ناوەکی تایبەت بە پیتاندنی یۆرانیۆم و بەرهەمهێنانی ئاوی قورس لە ناوەڕاستی ئابی ساڵی ٢٠٠٢ تاوەکو ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ڤییەننا وەک پلانێکی هاوبەش و گشتگیر لەنێوان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (وڵاتانی ٥+١) و ئێران لە ناوەڕاستی تەمووزی ساڵی ٢٠١٥ دەربارەی بەرنامەکە.

قۆناغی دووەم: قۆناغی کشانەوەی ئەمەریکا وەک هەرە باڵاترین دەوڵەتی ناو گرووپی وڵاتانی (٥+١) لەو ڕێککەوتننامە هاوبەش و گشتگیرە لە مانگی ئایاری ٢٠١٨دا. لەدوای ئەم قۆناغەوە بەهۆی کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتننامەکە، ئێران هەڕەشەی دووبارە چالاک کردنەوە و گەشەپێدانەوەی بەرنامەکەی کرد. بەمەش دۆسیەکە قەیرانێکی دیکەی لەسەر ئاسایشی جیهان و ناوچەکە و بەتایبەت ئاسایشی ئیسرائیل هێنایەوە بەرباس.

هەر ئەمەش پاڵنەر و هاندەری سەرەکی بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کاریگەری و دەرهاویشتانەی کە گەشە و پێشکەوتنی بەرنامەکە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و بەدیاریکراویش ئیسرائیل دروستی کردووە، یاخود دەکات، بەتایبەتیش دوای ساڵی ٢٠١٨.

**گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕوویەکەوە دەردەکەوێت، لەوانە:-

١. لە ڕووی تیۆرییەوە: چەند گریمانەیەکی زانستی و ئەکادیمی بۆ توێژینەوەکە دادەڕێژین و لە ناوەڕۆکیشدا هەوڵی تاقیکردنەوەی ئەو گریمانە زانستیانە دەدەین، لەو ڕووەوە شیکارێکی وردی زانستی بۆ کاریگەری ڕێککەوتننامەی ناوەکی ئێران و دواتریش کاریگەری کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو ڕێکەوتننامەیە لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل دەکەین.

٢. لەڕووی کردارییەوە: توێژینەوەکە مەترسیە جیدی و کاریگەرەکانی بەرنامەکە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و بەتایبەت ئیسرائیل ڕووندەکاتەوە، لەگەڵ پێشنیار کردنی چەند ڕاسپاردە و میکانیزمێک بۆ چۆنێتی کەمکردنەوەی ئەو مەترسیانە.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە چەند ئامانجێکی سەرەکی هەیە، لەوانە:-

١. شرۆڤەکردنی وەرچەرخانی بەرنامەی ناوەکی ئێران بۆ خولقاندنی قەیرانێکی نێودەوڵەتی لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل و کاردانەوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەربارەی؛ لەسەروشیانەوە هەوڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوە و کەمکردنەوەی ئەو کاریگەری و مەترسی و دەرهاویشتە نەرێنیانە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و ئیسرائیل، بەتایبەتیش دوای ساڵی ٢٠١٨.

٢. لێکۆڵینەوە لە ئەگەرەکانی بەردەم قەیرانەکە بۆ قۆناغی دوای کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتننامەی ناوەکی نێوان ئێران و وڵاتانی کۆمەڵەی ٥+١ و ئەو ڕێگا و ئامراز و شێوازانەی کە ئەگەر هەیە پەیڕەو بکرێن بۆ کەمکردنەوەی مەترسی و کاریگەرییەکانی بەرنامەکە لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل.

**کێشەی توێژینەوەکە**

قەیرانی ناوەکی ئێران کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٢ بەشێوەیەکی گەورە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەردەکەوێت، دوای چەند ساڵێک لە تێکۆشانی سیاسی و فشار و سزای نێودەوڵەتی و هەوڵی دیپلۆماسی و دانوستان، لە ساڵی ٢٠١٥ بە ڕێککەوتننامەی ناوەکی

> **ئیدارەی کۆمارییەکان لە سەردەمی حوکمڕانی دۆناڵد ترەمپدا توندتر لە ئۆباما و دیموکراتەکان مامەڵەی لەگەڵ دۆسیەی ناوەکی ئێراندا کردووە**

ڤییەننا، هەوڵدەدرێت قەیرانەکە چارە بکرێت و ئاڕادەیەک مەترسییەکانی لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمتر بکرێنەوە. بەمجۆرە دەبوو بە جێبەجێکرانی ڕێککەوتننامەکە توانا ناوەکییەکانی ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بکرێنەوە، بەجۆرێک کە نەتوانێت بۆ مەبەستی سەربازی سوودی لێوەربگرێت، بەمەش پێویست وابوو کەمترکردنەوەی مەترسییەکانی قەیرانەکەی لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل بەدواوە بێت. بەڵام هێشتا ئیسرائیل دژی ڕێککەوتننامەکە وەستایەوە و هەتا داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکەشی دەکرد. لێکۆڵینەوە لەو هاوکێشە ئاڵۆزە و هۆکار و پاڵنەرەکانی پشتییەوە؛ کێشەیەکی ناوەندییە سەبارەت بەم توێژینەوەیە.

لەلایەکی دیکەوە دوای ئەوەی ساڵی ٢٠١٨ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتننامەکە کشایەوە، ئێران هەڕەشەی پەرەدانەوە بە بەرنامەکەی کرد و ئەو کشانەوەیە قەیرانەکەی نوێ کردەوە. لێرەوە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی نوێبوونەوەی قەیرانەکە و ئاست و چۆنێتی کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەو کشانەوەیەی ئەمەریکا لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل، یەکێکی دیکەیە لەو کێشانەی کە ئەم توێژینەوەیە گرنگی پێ دەدات.

> به تێڕوانینی ئیسرائیل جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامە ناوەکییەکە دەبووەهۆی بەهێزبوون و گێڕانەوەی ئێران بۆ بازاڕ و سەرشانۆی نێودەوڵەتی

## گریمانەکانی توێژینەوەکە

لەپێناو گەڕان بەدوای سەرەداوەکانی کێشەی توێژینەوەکە، کار لەسەر ئاقیکردنەوە و جێبەجێکردنی دوو گریمانەی سەرەکی دەکرێت، کە برینین لە:-

١. هەناوەکو لە تێڕوانینی ستراتیژی ئیسرائیلدا بوون و بەردەوامی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دۆسیەی ناوەکی ئێران، مانای شەرعیەتدان بە بوونی بەرنامە ناوەکییەکە و گەڕاندنەوەی ئێران بۆ ناو بازاڕ و سیاسەتی نێودەوڵەتی بگەیەنێت، ئەو وڵاتە زیاتر دژی ڕێککەوتنەکە دەوەستێتەوە.

٢. گۆشەگیرکردن و سەپاندنەوەی سزا نێودەوڵەتی و بە تایبەت ئەمەریکییەکان، پاش دەرچونی ئەمەریکا لە ڕێکەوتننامەکە، بەسەر ئێراندا وادەکات ڕۆڵ و دەستێوەردانەکانی ئێران و مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە بەگشتی و ئاسایشی ئیسرائیل بەتایبەتی کەمتر ببێتەوە.

## میتۆدەکانی توێژینەوە

لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکان لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا چەند میتۆدێک بەکاردەهێنین، لەوانە:-

١. میتۆدی ئیستنباتی (استنباطی): لەپێناو جێبەجێکردن و ئاقیکردنەوەی گریمانە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەم میتۆدە دەبەسترێت.

٢. میتۆدی وەسفی: بۆ ئەوەی وێنایەکی بابەتی و بێ لایەنگری بۆ ڕاستی و ئاستی کاریگەری قەیرانی ناوەکی ئێران لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و بەتایبەت ئاسایشی ئیسرائیل بخەینەڕوو، میتۆدی وەسفی بەکاردەهێنین.

٣. شیکارکردنی ناوەڕۆک: بۆ شیکار و لێکدانەوەی وتە و لێدوانی کاربەدەستە پەیوەندیدارەکان و زانیارییە جۆراوجۆرە بەکارهاتووەکانی ناو توێژینەوەکە، سوود لەو میتۆدە وەردەگرین.

## سنوری توێژینەوەکە

١. لەڕووی بابەت و شوێنەوە: توێژینەوەکە گرنگی دەدات بە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی قەیرانی ناوەکی ئێران لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل؛ وەک وڵاتێک و جەمسەرێکی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٢. لەڕووی کاتەوە: توێژینەوەکە زیاتر گرنگی بە کاریگەرییە نوێیەکانی ئەو قەیرانە (بەتایبەت دوای کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتننامەی ڤییەننا لە ساڵی ٢٠١٨دا) لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل

دەدات، لەگەڵ ئاماژەدان و ئیشکخستنە سەر ئەو کاریگەریانە لە ئایندەدا، ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت.

## پێداچوونەوەی لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر

لێرەدا ئاماژە بە ناونیشانی چەند بەرهەم و توێژینەوەیەک دەدەین، کە پێشتر دەربارەی بابەتی نزیک لە دۆزی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە ئەنجام دراون، لەوانە:-

١. د. نورة الحفيان: مسارات الموقف الأمريكي من الملف النووي الإيراني، المصر: المعهد المصري للدراسات، تقديرات السياسية، ٥ اغسطس ٢٠١٩.

٢. هالة محمود طه دودين: السياسية الأمريكية تجاه الملف النووي الإيراني «٢٠٠٠_٢٠١٩»، مجلة مدارات ايرانية، برلين: المركز الديمقراطي العربي، العدد (٤)، ٢٠١٩.

٣. المسار للدراسات الإنسانية: توجهات ايران في ظل الانسحاب الأمريكي من الأنفاق النووي واعادة فرض العقوبات، لا: المسار للدراسات الإنسانية: يوليو ٢٠١٩.

٤. مريم عبد السلام موسى: الموقف الإسرائيلي من الملف النووي الإيراني، موقع المركز العربي للبحوث والدراسات، ٢٦ فبراير ٢٠٢٠.

٥. مركز المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة: انعكاسات الانسحاب الأمريكي من الاتفاق النووي (ملف خاص)، على موقع مركز المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة، ١٣ مايو ٢٠١٨.

٦. المعهد الدولي للدراسات الإيرانية: سيناريوهات ما بعد الانسحاب الأمريكي من الاتفاق النووي مع ايران، على موقع المعهد الدولي للدراسات الإيرانية، ١٥ مايو ٢٠١٨.

ئەو توێژینەوانەی سەرەوە چەند نموونەیەکن لە کۆمەڵێک بەرهەم و لێکۆڵینەوە کە گرنگییان داوە بە کاریگەرییەکانی بەرنامەی ناوەکی ئێران لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و ئیسرائیلی بەتایبەت دوای بەستنی ڕێککەوتنی ناوەکی ڤیەننا و دواتریش کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو ڕێککەوتنامەیە. بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەو بابەتە ئەنجام دراون، لایەنگیری و کاریگەری ئاینی و مەزهەبیان بەسەردا زاڵە، هەربۆیە بەشێک لەوانە ڕەوایەتی دەدەن بە ئێران بۆ پێشخستن و فراوانکردنی بەرنامە ناوەکییەکەی لە دژی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی. لەبەرامبەریشدا ڕەنگە بۆچوون هەبێت لایەنگیری بۆ ئیسرائیل و دژایەتیان بۆ ئێران بەسەردا زاڵ بێت. بۆیە خاڵێکی لاوازی زۆربەی ئەو توێژینەوانەی پێشتر ئەوەیە کە زۆر بابەتی و زانستی نین.

هەروەها بەشی زۆری ئەو توێژینەوانە وەک پێویست گرنگییەکی ئەوتۆیان بە کاریگەرییەکانی قەیرانی نوێی بەرنامەکە لە دوای ساڵی ٢٠١٨_ەوە لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل نەداوە. بەڵام ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەکانی سەرەوە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە بە گوێرەی پێوەرە ئەکادیمییەکان و بەبێ لایەنگیری و دەمارگیری ئامادە دەکرێت. گرنگی بە ماوەیەکی زەمەنی نوێ دەدات؛ کە دەکەوێتە دوای ساڵی ٢٠١٨. لەگەڵیشیدا هەوڵ دەدات هۆکار و پەیوەندییەکانی نێوان کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل لێک بداتەوە.

## دابەشکردنی توێژینەوەکە

جگە لە پێشەکی و دەرەنجام و پوختەکەی، ئەم توێژینەوەیە دابەش دەبێت بەسەر دوو باسی سەرەکیدا و هەر باسێک دوو تەوەرە لەخۆ دەگرێت، بەجۆرێک:-

باسی یەکەم؛ بۆ ناساندنی دۆسیەیی ناوەکی ئێران و شیکردنەوەی چۆنێتی گۆڕانی بۆ قەیرانێکی ئەمنی کاریگەر لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و بەتایبەت ئیسرائیل و، لەگەڵیشیدا هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ وەستاندنی گەشەی بەرنامەکە و ئەنجامدانی ڕێککەوتن دەربارەیی و کاریگەری ئەو هەوڵانە لەسەر گۆڕانی ئاستی مەترسییەکان ڕوون دەکرێنەوە.

باسـی دووەمیـش بـۆ پرسـی کشـانەوەی ئەمەریـکا لـە ڕێککەوتنەکـە و کاردانـەوە و لێکەوتـە جیاوازەکانـی ئـەو کشـانەوەیە لەسـەر قەیرانەکـە و دواتریـش لەسـەر ئێسـتا و ئاینـدەی ئاسایشـی ئیسـرائیل تەرخـان دەکرێـت.

## باسی یەکەم

قەیرانـی ناوەکـی ئێـران و دەرهاویشـتەکانی لەسـەر ئاسایشـی ئیسـرائیل

چیپەتـی بەرنامـەی ناوەکـی ئێـران و شـێوازی گۆڕانـی بـۆ قەیرانێکـی کاریگـەر لەسـەر ئاسایشـی هەرێمـی و بـە تایبـەت وڵاتـی ئیسـرائیل و دەرهاویشـتە و لێکەوتەکانـی ئـەو گۆڕانـە دوای سـاڵی ٢٠٠٢ دەبێتـە دۆزی سـەرەکی لێکۆڵینـەوەی ئـەم باسـە. لەپێنـاو شـرۆڤە و لێکدانـەوەی وردی زانسـتیش بـۆ بابەتەکـە، باسـەکە دابـەش دەبێـت بەسـەر دوو تـەوەرەی سـەرەکیدا:-

### تەوەرەی یەکەم: قەیرانی ناوەکی ئێران و مەترسییەکانی لەسەر ئیسرائیل

ئـەم تەوەرەیـە دەیەوێـت لـە چۆنێتـی سەرکێشـانی بەرنامـەی ناوەکـی ئێـران بـۆ دروسـتکردنی قەیرانێـک لەسـەر ئاسایشـی هەرێمـی و بەتایبـەت ئاسایشـی ئیسـرائیل لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٢، بکۆڵێتـەوە.

چالاکـی ناوەکـی لـە هـەر وڵاتێـک بێـت، پێویسـتی بـە چەنـد ڕەگەزێکـی سـەرەکی بـۆ بوونیادنـان و گەشـەپێدان هەیـە. لەوانـە: ڕەگـەزی مرۆیـی و ئاسـتێکی بـەرز لـە توانـا و شـارەزایی کەسـانی زانسـتی و تەکنەلـۆژی پسـپۆڕی بوارەکـە، بوونـی کەرەسـتەی خـاو و گرنگترینیشـیان (یۆرانیـۆم) و ئامێـر و تەکنەلۆژیایـی پیتاندنـی، لەگـەڵ پێویسـتی لایەنـی دارایـی و دابینکردنـی بودجـە و پارەیەکـی زۆر بـۆ بوونیادنـان و بەڕێوەبـردن و گەشـەپێدانی(١). بـەڵام سروشـتی تەکنەلۆژیـا و بوارەکـە وایـە کـە زۆر قورسـە وڵاتێـک بەبـێ پشـتیوانی و هـاوکاری لایەنـی دەرەکـی بتوانێـت لـە سـەرەتادا سـەرجەم ئـەو ڕەگـەزە گرنگانـە بـۆ بوونیادنانـی بەرنامەیەکـی ناوەکـی دابینبـکات.

هەربۆیـە ئێرانیـش لـە سـەردەمی (محمـد ڕەزا شـای پەهلەویـی) و لـە پەنجـا و شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردووەوە بـە پشـتیوانی و هـاوکاری بەهێـزی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان و ڕێککەوتنـی نێوانیـان، توانـی ڕەگـەزە گرنگەکانـی بوونیادنانـی چەنـد ناوەندێکـی توێژینـەوە و دامـەزراوەی ناوەکـی بەدەسـتبخات(٢). ئەمـەش بەهـۆی ئـەوەی کـە ئێـران لـەو کاتـدا هاوبەشـێکی سـتراتیژی و گرنگـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا بـوو لـە دژی یەکێتـی سـۆڤێت.

ئێـران لـە سـەرەتادا بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد کـە مەبەسـتی سـەربازی لـە پشـت بەرنامـە ناوەکییەکەیـەوە نییـە. بـۆ نیەتپاکـی پیشـاندانی خۆیشـی لـەو ڕووەوە سـاڵی ١٩٦٨ واژۆی لەسـەر ڕێککەوتننامـەی تایبـەت بـە سنووردارکردنی بڵاوبوونـەوەی چەکـی ناوەکـی کـرد و لـە سـاڵی ١٩٧٥یـش ڕێککەوتننامـەی گەرەنتییـە ناوەکییەکانـی ئاژانسـی نێودەوڵەتـی وزەی ناوەکـی پەسـەند کـرد کـە جەخـت دەکاتـە سـەر پابەندبوونـی دەوڵەتـەکان بـە ئاشـکراکردنی بنکـە و ناوەنـدە ناوەکییەکانیـان بـۆ ئاژانسـەکە و بەکارهێنانیـان بـۆ مەبەسـتی ئاشـتیانە(٣).

لەگـەڵ سـەرهەڵدان و سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئیسـلامی ئێرانـدا لـە سـاڵی ١٩٧٩، ئایەتـوڵا خومەینـی، بەرنامـە و سیاسـەتەکانی ڕژێمـی پێشـووی وڵاتەکـەی و لەناویانـدا (بەرنامـەی ناوەکـی ئێـران)ی بـە نەرێنـی و دژی ئیسـلام ناوبـرد. لەهەمـان کاتیشـدا ویلایەتـە یەکگرتـووەکان و وڵاتـە ئەورووپییـەکان ڕەتیـان کـردەوە هـاوکاری ناوەکـی لەگـەڵ ڕژێمـی نوێـی ئێرانـدا بکـەن، بەڵکـو لـە بـوارە جیاجیاکانـدا سـزا و گەمارۆیـان بەسـەردا سـەپاند(٤). بەمجـۆرە بـۆ ماوەیـەک بەرنامـەی ناوەکـی ئێـران بـە ویسـتی ناوخـۆ و گەمـارۆ و فشـاری دەرەکـی هەڵپەسـێردرا. بـەڵام دوای قورسـتربوونی شـەڕی نێـوان ئـەو وڵاتـە و عێـراق و بەکارهێنانـی چەکـی قەدەغەکـراو لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە و ئەنجامدانـی زنجیرەیـەک هێـرش و گـورزی سـەربازی بـۆ سـەر ناوەنـدە سـەربازی و هەسـتیارەکانی ئێـران لـە سـاڵانی ١٩٨٤، ١٩٨٥، ١٩٨٦، ١٩٨٧ و ١٩٨٨ وای لـە ئێـران کـرد کـە جارێکـی تـر و

بە قوڵتر درک بە گرنگی بوونیادنانی چەکی ناوەکی بکاتەوە. هەربۆیە بابەتی بووژاندنەوە و پەرەدانەوەی بەرنامە ناوەکییەکەی کرد بە یەکێک لە کارە لەپێشینەکانی خۆی و هەوڵەکانی بوونیادنانەوەی پایە و ڕەگەزەکانی بەرنامەکەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و هەتا لە ڕێگای بازاڕی ڕەشیشەوە خستەوەگەڕ(٥).

بەهۆی پچڕانی پەیوەندی و دروستبوونی دوژمنایەتی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەوروپا، ئێران لە قۆناغی نەوەدەکانی دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، زیاتر ڕوویکردە ڕووسیا و چین بە مەبەستی وەرگرتنی هاوکاری لەپێناو بووژانەوە و گەشەپێدانی بەرنامە ناوەکییەکەی. بۆ ئەمەش چەندین ڕێککەوتنی گەورە و گرنگی بە بەهای چەند ملیار دۆلارێک لەگەڵ هەریەکە لەو دوو دەوڵەتەدا واژۆکرد، ئەمەش بوو بە هۆی دروستکردنی دڵەڕاوکێی زیاتر و کاردانەوەی توندتر لای نەیارانی ئەو ڕژێمە و لەسەرووشیانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە هەستا بە سەپاندنی گەمارۆی ئابووری فراوان بەسەر ئێراندا و چەند سزایەکی تر بەسەر ئەو لایەنانەدا کە مامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا دەکەن(٦).

هەرلە ئەنجامی بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ململانێ و ڕکابەرەکانی ئەمەریکا و بەهۆی پێشخستنی بەردەوامی بەرنامە ناوەکییەکەیی و تۆمەتبارکرانی بە پشتیوانیکردنی گرووپە تیرۆرستییەکان، دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکان ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ڕاگەیاند، ئێرانی هاوشانی عێراق و کۆریایی باکوور لەسەر «میحوەری شەڕ و بەرەی تیرۆر» دانا. بەو مانایەی کە هەڕەشەی کاریگەرن بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر و کردەی توندوتیژی و مەترسی دانان لەسەر ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمان و دۆستەکانی. هەروەک بە ڕوونی جۆرج بووشی سەرۆکی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەڵێت «وڵاتەکەمان هەوڵی بەدیهێنانی دوو ئامانجی گەورە دەدات، ئەوانیش یەکەم: داخستنی جەمسەرە تیرۆرستییەکان و پەکخستنی پلانەکانیان، دووەم: ڕێگری لەو دەوڵەت و ڕێکخراوە تیرۆرستیانەی کە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی وکیمیایی و بایۆلۆژی دەدەن و مەترسی لەسەر ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکان و جیهان دروست دەکەن»(٧).

> **ئیسرائیل بژاردەی سەربازی بە باشترین بژاردە دەزانێت بۆ کۆتاییهێنان بە قەیرانی ناوەکی ئێران، یاخود پەکخستنی و کەمکردنەوەی مەترسی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر ئاسایشی خۆیی و ناوچەکە**

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ڕەنگە سزا و فشار و هەڕەشەکانی ئەمەریکا نەبووبێتە بەربەستێکی ئەوتۆ لەبەردەم ئێران تاوەکو گەشەی بەرنامە ناوەکییەکەی بوەستێنێت. ئەم بۆچوونەش ئەو کاتە زیاتر ڕوونبووەوە کە ساڵی ٢٠٠٢ چەند وێنەیەکی گیراوی مانگە دەستکردەکان بڵاوبووەوە کە بەڵگە بوون لەسەر بوونی چەند دامەزراوەیەکی ناوەکی نهێنی و ئاشکرا نەکراوی ئێران لەژێر زەوی. بەمەش گومانەکان سەبارەت بە مەترسییەکانی بەرنامە ناوەکییەکە بوون بە یەقین. ئەمەش هانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوەکی دا کە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی ورد دەربارەی دۆسیەکە بکات و لە ئەنجامیشدا بۆی دەرکەوت کە ئێران پابەندی ئەرکەکانی بە گوێرەی ڕێککەوتنامە

و پەیماننامە واژۆکراوەکانی پەیوەست بە قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی نەبووە، بەڵکو بەشێوەیەکی نهێنی و لە دەرەوەی چاودێری ئاژانسەکە و ڕێککەوتنەکان هەستاوە بە پیتاندنی یۆرانیۆم و شینەڵکردنی پلۆتۆنیۆم، زیاتر لەوەش زانیاری هەڵە و هەڵخەڵەتێنەری لە ڕاپۆرتەکانیدا بۆ ئاژانسەکە بەرز کردۆتەوە(٨). ئاشکرابوونی ئەو نهێنییە گرنگ و هەستیارانەی پەیوەست بە بەرنامەی ناوەکی ئێران، وەک خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ وابوو سەبارەت بە نیاز و مەبەستەکانی ئێران لەپشت کارکردن و پەرەدان بە بەرنامە ناوەکییەکەی، بەجۆرێک زۆرێک لایەنی هەرێمی و نێودەوڵەتی توشی شۆک کرد و وایکرد کە کێشەی ناوەکی ئێران لەو قۆناغەوە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە وەک قەیرانێکی کاریگەر لەسەر ئاسایشی جیهان و ناوچەکە و وڵاتە نەیارەکانی ئێران و لەسەرووشیانەوە ئیسرائیل سەیر بکرێت. بەمانایەکی تر دوای ئەو قۆناغە، کاریگەری مەترسییەکانی قەیرانە ناوەکییەکە بەتایبەتیش لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل چەند جارێک زیاتریان کرد. هەروەک دوای کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان و سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل (ئاریێل شارۆن) لە مانگی نیسانی ٢٠٠٤ جۆرج بووش ڕایگەیاند، کە هەوڵدانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی مەترسی لەسەر مانەوەی ئیسرائیل و ئاشتی و سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستدەکات(٩). ئەو پەیامەش دەکرێت واخوێندنەوەی بۆ بکەین کە مانای قبوڵنەکردنی بەردەوامبوون و گەشەکردنی ئەو بەرنامە ناوەکییە دەگەیەنێت، هەروەها مادام دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بووە، مانای وایە پەیامەکە پەیامی هەردوو دەوڵەتەکە بووە، بەتایبەت بەهۆی بەهێزی پەیوەندییە مێژوویی و سیاسی و ستراتیژییەکانی نێوانیان.
ئەو مەترسیانە زیاتر ڕوونبوونەوە کاتێک لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، سەرۆک کۆماری ئەو کاتی ئێران (ئەحمەدی نەژاد) بەشێوەیەکی ئاشکرا هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیلی لەسەر نەخشەی جیهان کرد(١٠). هەڕەشەکان بەجۆرێک بوون کاردانەوەی فراوانتر و توندتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەدوای خۆیدا هێنا. هەتا ئاستی هەڕەشەکردنی بەکارهێنانی هێز لە دژی ئێران. هەروەک ئەوەی کە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل دۆسیەکەی بە ئاژانسی هەواڵگری وڵاتەکەی سپارد و بودجەیەکی گەورەی بۆ تەرخانکرد، بە مەبەستی بەدواداچوونی چڕ و کۆکردنەوەی زانیاری و ئامادەکردنی پلانێکی ورد بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی لە ئێران و بەرنامە ناوەکییەکەی(١١). هەروەها (سلڤان شالوم) وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل ڕیگەیاند، کە قەیرانی ناوەکی ئێران بەتەنیا کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵکو مەترسی لەسەر ئاسایشی هەموو جیهان هەیە. بۆیە ئامەژەی بۆ ئەوە کرد کە وڵاتەکەی ڕێگە بە پەرەسەندی زیاتری ئەو مەترسییە نادات و، دواشی لە وڵاتانی ئەوروپا و زلهێزەکانی جیهان کرد ڕۆڵ بگێڕن لەوەی ئێران نەتوانێت بەو توانستە ناوەکییانە بگات(١٢). بەڵام ئەو بژاردانەی لە دواتردا زیاتر کاریان لەسەر کرا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی ئێران لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە و ڕێگریلێکردنی بۆ ئەوەی نەبێتە خاوەنی چەکی ناوەکی، بریتی بوون لە فشار و گەمارۆ و سزای ئابووری، لەگەڵ هەوڵی سیاسیی و دیپلۆماسی و دانوستان. نەوەک ئەنجامدانی هێرشی سەربازی ڕاستەوخۆ بۆسەر ئێران و بنکە و دامەزراوە و کارخانە سەربازیی و ناوکییە هەستیارەکانی لەناوخۆی وڵاتەکەدا.

### تەوەرەی دووەم: دانوستانە ناوەکییەکان و کاریگەریان لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل

دوای فراوانبوونی زیاتری مەترسیی و کاریگەرییەکانی قەیرانی ناوەکی ئێران، هەوڵ و هەنگاوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش لەڕابردوو چڕتر کرانەوە لەپێناو وەستاندنی گەشەی زیاتری بەرنامەکە و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

ئاسایشــی ئیســرائیل و ناوچەکــە و جیهــان. وەک یەکێــک لــە ڕێــگا دیپلۆماسـیی و سیاسـییەکان و لەپێنـاو بەرگرتــن لــە گەشەســەندنی زیاتــری دەرهاویشــتە مەترســیدارەکانی، کۆمەڵگــەی نێودەوڵــی پەنــای بــۆ ئەنجامدانــی دانوســتان لەگــەڵ کۆمــاری ئیســلامی ئێــران بــرد. بەشــێوەیەکی گشــتی دەکرێــت بوترێــت کــە دانوسـتانەکان بـە دوو قۆناغـی سـەرەکیدا تێپـەڕ بـوون و لەهـەر قۆناغێکیشـدا چەنـد ڕێککەوتـن و لێنێگەیشـتنێک لەنێــوان ئێــران و لایەنەکانــی تــردا ئەنجــام دراوە، بــەڵام تــا ئێســتاش قەیرانەکــە و مەترســییەکانی لەســەر ئاسایشــی ئیســرائیل کۆتاییــان نەهاتــووە.

لــە قۆناغــی یەکەمــدا دانوســتانەکان لەنێــوان ســێ دەوڵەتــە ســەرەکییەکەی ئەوروپــا (بەریتانیــا، فەڕەنســا و ئەڵمانیــا) لەلایــەک و ئێــران لەلایەکــی تــرەوە بەڕێوەچــوون. ســەرەڕای گەیشــتن بــە چەنــد ڕێککەوتــن و لێکتێگەیشــتنێک لەنێوانیانــدا، کــە ناوەڕۆکەکەیــان پەیوەندیــدار بــوو بــە داننانــی دەوڵەتانــی ئەوروپــی بـە مافـی ئێـران بـۆ پـەرەدان بـە بەرنامـە ناوەکییەکـەی بــۆ مەبەســتی ئاشــتی و بەگوێــرەی ڕێککەوتننامــەی قەدەغەکردنــی بڵاوبوونــەوەی چەکــی ناوەکــی و پێشکەشــکردنی هــاوکاری لــەو ڕووەوە و کارئاســانی کــردن بــۆی ناوەکــو بگەڕێتــەوە نــاو بــازاڕ و بازرگانــی جیهانــی، بــەو مەرجــەی کــە ئێــران پابەنــد بێــت بــە ســنووردارکردنی بەرنامەکــەی و وازهێنــان لــە پیتاندنــی یۆرانیــۆم و بەکارنەهێنانــی بــۆ ئامانجــی ســەربازی(١٣). بــەڵام بــە گوێــرەی بەشــێک لــە ســەرچاوەکان ئێــران پابەنــدی ڕێککەوتننامــەکان نەبــوو، بەڵکــو مــاوەی نێــوان دانوســتانەکان و ڕێککەوتننامەکانــی بــۆ پێشخســتنی زیاتــری بەرنامەکەیــی و پیتاندنــی یۆرانیــۆم بەکارهێنــا(١٤). هەربۆیــە لێــرەوە ویلایەتــە یەکگرتــووەکان توندتــر لەپێشــوو هاتــە ســەر خــەت و هەوڵـی زیاتـر و فراوانتـری خسـتەگەڕ بـۆ بەرزکردنـەوەی دۆسـیەکە بـۆ ئەنجوومەنـی ئاسـایش لەپێنـاو وەرگرتنـی بڕیارێکــی هاوبــەش و بــاڵای نێودەوڵەتیــدا لەپێنــاو کەمکردنــەوەی مەترســییەکانی قەیرانــە ناوەکییەکــە لەســـەر ئاسایشـــی جیهانـــی و بەتایبەتیـــش ئیســـرائیل و هاوپەیمانەکانــی(١٥).

بەمجــۆرە؛ دوای چارەســەرنەکرانی مەترســییەکانی قەیرانــی ناوەکــی ئێــران لەگــەڵ دەوڵەتــە ئەوروپییــەکان، دۆســیەکە لــە ســاڵی ٢٠٠٦ بــۆ ئەنجوومەنــی ئاســایش بەرزکرایــەوە. لێــرەوە قۆناغــی دووەمــی دانوســتانەکان دەســت پــێ دەکات، بــەڵام ئەمجــارە لەبــری تەنهــا ســێ دەوڵەتــی ئەوروپــی هــەر پێنــج دەوڵەتــە هەمیشــەییەکەی ئەنجوومەنــی ئاســایش و ئەڵمانیــا لەگــەڵ ئێرانــدا کەوتنــە دانوســتان کــە بــە (دانوســتانەکانی کۆمەڵـەی ٥+١ و ئێـران سـەبارەت بـە دۆسـیەی ناوەکـی ئێــران) ناســراون(١٦).

پەیوەندییەکانــی نێــوان هــەردوو لایەنــی دانوســتانکار، بەتایبەتیــش ویلایەتــە یەکگرتــووەکان و ئێــران لــە مــاوەی نێــوان ســاڵانی (٢٠٠٦-٢٠١٣) گرژتــر و توندتربوون، بەتایبــەت بەهــۆی ئــەوەی حوکمڕانــی ئێــران لــەو کاتــدا لەژێــر ســەرۆکایەتی ئەحمــەدی نــەژاد و توندڕەوەکانــدا بــوو، ئامادەنەبــوو هــاوکاری کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی بــکات و گومانەکانیــان ســەبارەت بــە نامەدەنــی بوونــی بەرنامەکــە بڕەوێنێتــەوە. بەڵکــو بــەردەوام و سورتربوو لەسـەر ململانـێ لەگـەڵ ڕۆژئـاوادا و پـەرەدان بــە بەرنامــە ناوەکییەکــەی، ئەمــەش وایکــرد کــە لــەو ماوەیــەدا نــەک هــەر ڕێککەوتنێکــی نێودەوڵەتــی هاوبــەش و گشــتگیر نەیەتــە ئــاراوە، بەڵکــو لەبــری ئــەوە کۆمەڵێــک ســزای قورســی نێودەوڵەتــی و ئەمەریکــی و ئەوروپــی بەســەر ئێــران و بەتایبــەت کەرتــە ئابووریــی و بازرگانییەکــەی و ســەربازییەکەیدا بســەپێندرێت(١٧).

بــەڵام دوای ئــەوەی لــە ســاڵی ٢٠١٣دا کەســێکی وەک (حەســەن ڕۆحانــی) کــە لەســەر بــەرەی ڕیفۆرمخــوازان و میانــڕەوان ئەژمــار دەکرێــت، دەگاتــە ســەرۆکایەتی کۆمــاری ئێــران و دەستپێشــخەری و ئامادەیــی بــۆ کرانــەوە بــەڕووی دنیایــی دەرەوە و چارەســەرکردنی پرسـی ناوەکـی بەڕێـگای دانوسـتان دەخاتـەڕوو، لەلایـەن کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی و هەتــا لەســەر ئاســتی کۆشــکی ســپییەوە ویلایەتــە یەکگرتــووەکان ئامادەیــی خــۆی بــۆ هاریــکاری و هەماهەنگــی ڕاســتەوخۆ لەگــەڵ

ئێران سەبارەت بە چارەسەری دیپلۆماسی و ئاشتیانە بۆ پرسە ناوەکییەکەی دەردبڕێت(١٨). ئەمەش دواتر بەڕوونی کاریگەرییە ئەرێنییەکەی لەسەر ڕەوت و دەرئەنجامی دانوستانەکان دەرکەوت، چونکە سەرەڕای گرژبوون و خاوبوونەوەی چەند جارەی ململانێکان و نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوە لەیەکتر، ژمارەیەکی زۆری گەڕی دانوستاندن لەنێوان هەردوو لایەنەکە ئەنجام دران کە بەرهەمەکەیان برینی بوو لە گەیشتن بە چەند ڕێککەوتنێک، دیارترینیشیان (ڕێککەوتننامەی ناوەکی جنێف/ کانی لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣)(١٩). (چوارچێوەی لەیەکتر تێگەیشتنی لۆزان لە نیسانی ٢٠١٤)(٢٠). لەمانەش گشتگیرتر و فراوانتر (ڕێککەوتننامەی ناوەکی ڤییەنا یان «پلانی کاری هاوبەش و گشتگیر») لە ناوەڕاستی تەمووزی ساڵی ٢٠١٥(٢١). هەموو ئەمانەش زیاتر لەپێناو ئەوەدا بوون، کە ئێران نەبێتە خاوەنی چەکی ناوەکیی و مەترسیی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر ئاسایشی جیهان و ناوچەکە و بەتایبەت وڵاتێکی وەک ئیسرائیلی دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمەریکا کەم بکەنەوە.

گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەرسێ ڕێککەوتنەکە پەیوەندی توندیان بە یەکترەوە هەیە. هەم لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە یەکتری نزیکن هەمیش یەکتر تەواوکەرن. چونکە ڕێککەوتننامەی یەکەم و دووەم (جنێف و لۆزان)، دوو ڕێککەوتننامە یاخود ڕاگەیەندراوی کاتی بوون، کە ئەرک و پابەندی یاسایی قورسیان نەدەخستە سەر شانی هیچ یەکێک لە لایانەکان. هەربۆیەشە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر کەمکردنەوەی مەترسی و توانا ناوەکییەکانی ئێران و قەیرانەکە لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل و ناوچەکە نەبوو. بەڵام وەک زەمینە و ڕێگاخۆشکاری کاریگەر بوون لەپێناو گەیشتن بە ڕێککەوتننامەی ڤییەنا کە لەناوەڕاستی تەمووزی ٢٠١٥ بە ناوی «پلانی کاری هاوبەشی گشتگیر - خطة العمل المشتركة الشامل» لەنێوان وڵاتانی ٥+١ و ئێراندا ڕاگەیەنرا. لەبەرئەوە لەخوارەوە ئاماژە بە هەندێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەو ڕێککەوتنە هاوبەش و گشتگیرەی کۆتایی دەکەین، لەوانە(٢٢):-

١. ئێران بەڵێن دەدات بە کەمکردنەوەی دوولەسەرسێی (٣/٢)ی ئامێرەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم، واتا لە (١٩٠٠٠) ئامێرەوە بۆ (٦١٠٤).

٢. ئێران بەڵێن دەدات بە ڕێژەی نزیکەی (٣/٢) بڕی یۆرانیۆمی کۆگاکانی کەمبکاتەوە. واتا لە (١٠٠٠٠) کیلۆگرامەوە بۆ (٣٠٠) کیلۆگرام.

٣. نابێت ئێران بڕی یۆرانیۆمی پیتێنراوی لە ڕێژەی ٣،٦٧٪ تێپەڕێنێت بە درێژایی ماوەی ١٥ ساڵ.

٤. ئێران بەڵێن دەدات بۆ ماوەی ١٥ ساڵی دیکە هیچ ناوەندێکی تری ناوەکی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم بە ئاوی قورس بونیاد نەنێت.

٥. لە بەرامبەردا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەوروپا بەڵێن دەدەن بە هەڵگرتنی سزا سەپێنراوەکانی سەر ئێران کە بە هۆی بەرنامەی ناوەکییەوە بەسەریدا سەپێنراون. بەڵام سزاکانی پەیوەست بە تەکنەلۆژیایی مووشەکە بالیستییەکان بۆ ماوەی ٨ ساڵ و سزاکانی پەیوەست بە چەکە کلاسیکییەکان بۆ ماوەی ٥ ساڵی دیکە بەردەوام دەبن.

ئەگەر سەرنج بدەینە خاڵەکانی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێککەوتنەکە هەم سوود، هەم زیانی بۆ ئێران تێدایە، لەلایەکەوە بەهۆی ئەو ڕێککەوتننامەیەوە ڕەزامەند بووە کە بەشێکی زۆری توانا ناوەکییەکانی لەناو ببرێت بەجۆرێک کە نەتوانێت بۆ مەبەستی سەربازی سوودی لێوەربگیرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا بەهۆی ڕێککەوتننامەکەوە بەڵێنی لابردنی بەشێکی کاریگەری سزا نێودەوڵەتییەکانی سەری وەرگرتووە، کە دەتوانێت لەچەند ڕوویەکی جیاوازەوە سوود لەو خاڵە ببینێت.

دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە زۆربەی وڵاتان پێشوازیان لێکرد، هەریەکە لەلایەنی ئەمەریکی و ئێرانی خۆیان بە براوە زانی. سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان (باراک ئۆباما) دەڵێت؛ ڕێککەوتنەکە

سەرجەم ڕێگاکانی گەیشتن بە چەکی ناوەکی لەبەردەم ئێراندا دادەخات، لەبەرئەوە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو ڕووەوە دڵنیا ببێتەوە کە ڕێککەوتنەکە دوولەسەرسێی ئامێرکانی پیتاندن و یۆرانیۆمی لەکۆگاکراو و ٩٨٪ی یۆرانیۆمی پیتێنراوی وڵاتەکە لەناو دەبات(٢٣).

بە گوێرەی دەقی ڕێککەوتنامەکە و ئەو لێدوانەی باراک ئۆباما بێت، دەبێت ڕێککەوتنامەکە لە کاتی جێبەجێکرانیدا، بەشێکی زۆری مەترسییەکانی ئێران و قەیرانی بەرنامەکە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و ئیسرائیل کەم بکاتەوە. بەڵام هەندێک بەپێچەوانەوە دەبینن و پێیانوایە کە ڕێککەوتنامەی ڤیەنایی نێوان وڵاتانی ٥+١ و ئێران، زیاتر لەوەی کە بەتەنیا پەیوەندیدار بێت بە بەرنامەی ناوەکی، بەڵکو سەریکێشاوە بۆ چارەسەرکردنی پرسە سیاسی و ئابووری و ئەمنییەکانی ئێران، هەربۆیەشە دەستکەوتی سیاسی و ئابووری گەورەی بۆ ئەو وڵاتە لەگەڵدا بووە(٢٤).

ڕەنگە هەر ئەوە یەکێک بووبێت لە پاڵنەر و هاندەرەکان کە ئیسرائیل بە توندی دژی ڕێککەوتننەکە بوەستێتەوە، چونکە پێیوابوو کە ڕێککەوتننەکە دەبێتە سەرچاوەی بەخشینی جۆرێک لە شەرعیەتی نێودەوڵەتی بۆ بوون و مانەوەی بەرنامە ناوەکییەکە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆیەوە بەشێکی زۆری سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران هەڵدەگیرێن، بەمەش کۆتایی بە گۆشەگیرکردنی دێت و دەرگای قۆناغێکی نوێی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی بەڕوودا دەکرێتەوە. بەمەش هێزی ئابووری، سیاسیی و سەربازی ئێران ڕوولە زیادبوون دەکات. لە دەرئەنجامی ئەمانەشدا، هاوکاری زیاتری دەوڵەت و ڕژێم و گرووپ و ڕێکخراوە میلیشیاکانی شوێنکەوتەی خۆی دەکات، هەموو هەمانەش دەبنەهۆی زیادبوونی پێگە و نفوز و ڕۆڵی ئێران لەناوچەکەدا(٢٥). ئەمەش ڕاستەوخۆ مانای زیاتربوونی مەترسییەکانی ئێران لەسەر نەیارەکانی و بەتایبەتیش لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل دەگەیێنێت. هەربۆیە ناتانیاهۆ ڕێککەوتننامە ناوەکییەکەی بە «هەڵەیەکی مێژوویی گەورە» ناو برد و بەوە گوزارشتی لێکرد کە دەوڵەتە گەورەکان لە ڕێگای ئەو ڕێککەوتننامەیەوە موجازەفە بە ئایندەی ئاسایشی وڵاتانەوە دەکەن. هەروەک ئەوەی دەربڕی کە جیهانی دوای ئەو ڕێککەوتنە زیاتر لەژێر مەترسیدا دەبێت بەبەراورد لەگەڵ پێش ڕێککەوتننەکە، هەربۆیە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە وڵاتەکەی بەشێک نەبووە لەو ڕێککەوتننە و پابەندیش نابێت پێیەوە(٢٦).

لێرەوە دەکرێت بوترێت کە بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی ناوەکی ڤیەننا بێت کە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٥ لەنێوان کۆمەڵەی وڵاتانی ٥+١ و ئێراندا دوای تێکۆشانی سیاسی و دیپلۆماسی و فشار و سزای ئابووری جیاجیای چەندان ساڵە، بەسترا. نزیکەی دوولەسەرسێی توانا ناوەکییەکانی ئێران کەمدەکرێنەوە. بەمەش مەترسی لایەنی سەربازی و بوونی ئێران بە خاوەن چەکی ناوەکی بۆ ماوەی چەند ساڵی ئایندە دوور دەخرێنەوە. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەگەر بێت و ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ بکرێت، تا ڕادەیەک قەیرانە ناوەکییەکە و مەترسی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و بەتایبەتیش ئیسرائیل کەم دەبنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێککەوتننامەکە خاڵێکی تر وەک دەستکەوتێکی گەورە و گرنگ بۆ ئێران لەخۆی دەگرێت، کە بریتییە لە هەڵگرتنی بەشێکی زۆری سزاکان لەسەری و گەڕانەوەی پارەیەکی بلۆککراوی زۆر بۆیی و کرانەوەی دەرگای بازار و بازرگانی و سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەڕوویدا. ئەمانەش بێگومان کاریگەرییان لەسەر زیادکردنی ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئێران لە دەرەوەی سنورەکانی خۆیی و لەپێناو هەناردەکردنی بنەماکانی شۆڕشەکەیی و جێبەجێکردنی پرۆژە و ئەجیندا سیاسی و مەزهەبییەکانی دەبێت، کە پشتیوانی گرووپ و لایەنە شیعییەکان و دژایەتیکردنی نەیارەکانی لەشێوەی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لەسەر

ئاستی نێودەوڵەتی و وڵاتانی عەرەب و سوونە مەزهەب و لەسەروو هەمووشیانەوە ئیسرائیل لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەکەونە چەقی ستراتیژ و ئامانجە باڵاکانی. هەربۆیەشە ئیسرائیل بە توندی دژی ڕێککەوتننامەکە وەستایەوە.

## باسی دووەم

## کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ناوەکی ڤییەننا و دەرهاویشتەکانی

ڕێککەوتننامەی ناوەکی ڤییەننا، ناسراو بە «پلانی کاری هاوبەشی گشتگیر» کە لە سەردەمی ئیدارەی باراک ئۆباما و دوای هەوڵی زیاتر لە یەک دەیە دانوستان و گفتوگۆ و پەیڕەوکردنی سیاسەتی سزا و بەخشین، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٥ دا لەنێوان وڵاتانی ٥+١ و ئێراندا، ئەنجامدرا. دوای کەمتر لە سێ ساڵ بەردەوامبوونی، لە مانگی ئایاری ٢٠١٨ دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی ئاکلایەنە پاشەکشەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتننامەکە ڕاگەیاند. ئەمەش کۆمەڵێک کاردانەوە و دەرهاویشتەی تری بەدوای خۆیدا هێنا. لەم باسەدا لە لێکەوتەکانی ئەو کشانەوەیەی ئەمەریکا و ڕەنگدانەوەی لەسەر کاریگەرییەکانی قەیرانەکە بۆسەر ئاسایشی ئیسرائیل (لە ئێستا و داهاتوودا) دەکۆڵینەوە.

### تەوەرەی یەکەم: کشانەوەی ئەمەریکا و کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل

کشانەوەی زلهێزێکی هەرە گەورەی سیاسی و ئابووری و سەربازی جیهانی هاوشێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە لەهەمان کاتدا کاریگەرترین و بەهێزترین دەوڵەتی ناو کۆمەڵەی وڵاتانی ٥+١ بوو، لە ڕێککەوتننامەیەکی گرنگی وەک ڕێککەوتننامەی ناوەکی ئێران، بێگومان بێ کاریگەریی و لێکەوتە و دەرهاویشتە نابێت. بۆیە لەم باسەدا، لەو کاریگەریانە دەکۆڵینەوە کە بەهۆی ئەو کشانەوەیە لەسەر قەیرانەکە و دواتریش ئاسایشی ئیسرائیل دروستدەبێت.

دۆناڵد ترەمپ؛ ڕێککەوتننامەی ناوەکی ڤییەننای بە خراپترین ڕێککەوتنی مێژوو ناوبرد و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ڕێککەوتنەکە ڕێگری لە ئێران ناکات لە ئایندەدا بۆمبی ناوەکی بەرهەم بهێنێت(٢٧). بەڵکو پێیوابوو وادەکات ئێران مەترسی زیاتر لەسەر سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل دروست بکات، چونکە بەهۆی ڕێککەوتننامەکەوە سزا نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئێران لادەچن و دەرگاکانی بازرگانی و وەبەرهێنانی دەرەکی و ئەنجامدانی هاوپەیمانی لەگەڵ نەیارانی ئەمەریکا بۆ واڵا دەبن. ئەمانە لە کاتێکدان کە ئەمەریکا و ترەمپ، ئێران بە نەیاری سەرسەختی خۆیان و ئیسرائیل و پشێوانی سەرەکی تیرۆر لە ناوچەکەدا دەزانن(٢٨). کەواتە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیدارەکانی، گەورەترین هێزی کاریگەرن لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران، بەڵام باراک ئۆباما و ئیدارەی دیموکراتەکان لەپێشوودا مەیلی زیاتریان بەرەو دانوستان و ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا سەبارەت بە بەرنامە ناوەکییەکە هەبوو ئەمەش سیاسەتێک بوو کە جێگای ڕەزامەندی و دڵخۆشی سەرکردەکانی ئیسرائیل نەبوو. لەکاتێکدا ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ و کۆمارییەکان کە سیاسەتێکی جیاوازتریان گرتەبەر و دانوستان و ڕێککەوتن و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ئیدارەی پێشوویان هەڵوەشاندەوە، زیاتر جێگای ڕەزامەندی ئیسرائیل بوو(٢٩). چونکە لێرەدا هەردوو لایەنی ئەمەریکی و ئیسرائیلی هاوڕابوون کە لە ڕێگای ئیحتیواکردنەوە باشتر دەتوانرێت مەترسییەکانی ئێران و بەرنامەکەی لەسەر ئاسایشیان کەمتر بکرێتەوە نەک لەڕێگای ڕێککەوتن و گەڕاندنەوەی ئێران بۆ سەر شانۆی نێودەوڵەتی. هەندێک سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە خودی ئیسرائیل ڕۆڵ و کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ئەوەی قەناعەت بە دۆناڵد ترەمپ بهێنێت کە لەو ڕێککەوتننامە ناوەکییە بکشێتەوە(٣٠).

هەرچۆنێـک بووبێـت، ئیـدارەی دۆناڵـد ترەمـپ، سـەپاندنی سـزای ئابووریـی و گۆشـەگیرکردنی ئێـران و دابڕینـی لـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـە سـتراتیژێکی سـەرکەوتوو دانـا بـۆ سـنوردارکردنی چالاکییەکانـی ئێـران لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا و کەمترکردنـەوەی مەترسـییەکانی لەسـەر بەرژەوەندییەکانـی و ئاسایشـی ناوچەکـە و هاوپەیمانەکانـی(٣١). کەواتـە سیاسـەتی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان لەسـەردەمی دۆناڵـد ترەمپـدا بەرامبـەر ئێـران زۆر توندتربـوو بـەراورد لەگـەڵ سیاسـەتی ئۆبامـادا، چونکـە ترەمـپ هەوڵـی کاریگەرتـری دا لەپێنـاو سـنوردانانی زیاتـر بـۆ چالاکـی و جموجۆڵەکانـی ناسـەقامگیرکردنی ناوچەکـە لەلایـەن ئێرانـەوە و ڕووبەڕووبوونـەوەی هەڕەشـەکانی پەیوەسـت بـە پـەرەدان بـە مووشـەکە بالسـتییەکان و پشـتیوانیکردنی گرووپـە توندڕەوەکان، ئەمـەش لـە ڕێـگای گەمارۆدانـی چالاکییەکانـی و سـنوردانان بـۆ پێشخسـتنی بەرنامـە ناوەکییەکـەی(٣٢).

کشـانەوەی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا لـە ڕێککەوتننامەکـە کاردانـەوەی فراوانـی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی لێکەوتـەوە، هەندێـک وڵات لەوانـە (سـعودیە و ئیمـارات و بەحرەیـن) پشـتیوانی و پشـتگیریان لـەو هەوڵـەی ترەمـپ کـرد، چونکـە پێیـان وابـوو کـە ئێـران دەسـتکەوتەکانی ڕێککەوتننامەکـە بـۆ ناسـەقامگیری ناوچەکـە و هەڕەشـە و کاریگەریدانـان لەسـەر ئاسایشـی وڵاتانی هەرێمـی و سـوود و خزمەتـی پـرۆژە فراوانخوازییەکـەی سـوود لـێ وەردەگرێـت(٣٣). هەروەهـا یەکێکـی تـر لـەو وڵاتانـەی کـە زۆر بەبەهێـزی پشـتیوانی لـە کشـانەوەی ئەمەریـکا کـرد، بریتـی بـوو لـە ئیسـرائیل، هـەروەک ڕاسـتەوخۆ دوای بڕیـاری کشانەوەکە، سـەرۆک وەزیـری ئیسـرائیل (بنیامین ناتانیاهـۆ) دووپاتـی کـردەوە کـە ئێـران یەکێکـە لـە نەیـارە سەرسـەختەکانیان و هەڕەشـەیەکی سـەرەکییە لەسـەر ئاسایشـی نەتەوەییـان، بەتایبەتیـش بەهـۆی هەوڵەکانـی بـۆ پـەرەدان بـە بەرنامـەی ناوەکیـی و گەیشـتن بـە دروسـتکردنی بۆمبـی ناوەکـی، ئەمـە سـەرەڕای پشـتیوانی لـە گرووپـە شـوێنکەوتووەکانی خـۆی لـە لوبنـان و سـووریا و فەلەسـتین لـەدژی ئیسـرائیل(٣٤). وەک پێزانینێکیـش بـۆ هەڵوێسـتەکانیان، مایـک پۆمپیـۆی وەزیـری دەرەوەی-پێشـوی-ئەمەریـکا ڕایگەیانـد کـە ئـەو دەوڵەتانـەی بەرگـری لـە کشـانەوە لـە ڕێککەوتننەکـە و سـەپاندنەوەی سـزاکان بەسـەر ئێرانـدا دەکـەن درک بـەوە دەکـەن کـە ئێـران وێرانـکاری و ئـاژاوە و ناسـەقامگیری زیاتـر لـە ناوچەکـەدا بڵاودەکاتـەوە، ئەگـەر هاتـوو فشـار و سـزای نێودەوڵەتـی لەسـەر نەمێنێـت(٣٥).

سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی ئێـران، ڕاسـتەوخۆ دوای ڕاگەیاندنـی پاشەکشـەی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان لـە ڕێککەوتنەکـە، داوای ئەمەریـکای بـۆ دانوسـتانکردن لەپێنـاو هەموارکردنـەوەی ڕێککەوتننامەکـە یاخـود ئەنجامدانـی ڕێککەوتننامەیەکـی تـر ڕەتکـردەوە، هـەروەک وەزیـری دەرەوەی ئێـران (محمد جواد زەریف) ڕایگەیانـد کـە «ڕێککەوتننامەکـە ڕێککەوتننامەیەکـی تاکەکەسـی نییـە بەڵکـو ڕێککەوتننامەیەکـی نێودەوڵەتـی پشتئەسـتوورە بـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی ئاسایشـی سـەر بـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان...(٣٦)». ئـەو لێدوانـە سـەرەڕای خوێندنـەوەی نیگەرانـی و ناڕازیبوونـی ئێـران سـەبارەت بـە کشـانەوەی ئەمەریـکا لـە ڕێککەوتننامەکـە، بەڕوونـی دیـارە کـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە دۆناڵـد ترەمـپ بەتەنیـا مافـی هەڵوەشـاندنەوەی ڕێککەوتننامەکـەی نییـە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا، نـەک بـە تایبەتمەنـدی کەسـی، بەڵکـو لەبەرئـەوەی سـەرۆکی وڵاتێکـی هـەرە گـەورە و کاریگـەر بـوو، ترەمـپ توانـی ڕێککەوتننامەکـە بەجێبهێڵێـت و بـەدوای ئەلتەرناتیڤـی تـردا بگەڕێـت بـۆ کەمکردنـەوەی ڕۆڵ و مەترسـییەکانی ئێـران لەسـەر ئاسایشـی بەرژەوەندییەکانـی وڵاتەکەیـی و ئاسایشـی هاوپەیمانەکانـی.

هەرچـی پەیوەنـدی بـە وڵاتانـی ئەوروپـاوە هەیـە، ناڕەزامەنـدی خۆیـان بـۆ ئـەو هەڵوێسـتەی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان دەربـڕی، هـەروەک داوای دۆناڵـد ترەمپیان بـۆ کشـانەوە لـە ڕێککەوتنەکە، یاخـود دووبارە دانوسـتانکردن لەسـەر ڕێککەوتنێکـی باشـتر ڕەتکـردەوە

و پێیان وابوو کە دەستکەوتەکانی پابەندبوون بە ڕێککەوتننامەکە زیاترن لە هەڵوەشاندنەوەی(٣٧). هۆکاری ئەو ڕەتکردنەوەی ئەوروپییەکانیش لەلایەک پەیوەندی بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هەندێک لە پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئێرانەوە هەبوو، لەلایەکی تریشەوە پێیان وابوو کە ڕێککەوتنەکە ڕەنج و تێچوو و کاتی زۆری تیادا خەرج کراوە، پاشەکردنیش لێی دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە و، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش کاریگەری نەرێنی بۆ ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنەکانی داهاتوو دەبێت(٣٨).

لە دەرئەنجامی شیکردنەوەی کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ناوەکی ڤییەننا کە لەنێوان کۆمەڵەی وڵاتانی ٥+١ و ئێراندا واژۆ کرابوو، دەردەکەوێت کە ئیدارەی کۆمارییەکان لە سەردەمی حوکمڕانی دۆناڵد ترەمپ_دا بە توندتر لە ئۆباما و دیموکراتەکان مامەڵەی لەگەڵ دۆسیەی ناوەکی ئێراندا کردووە. ئەو قەیرانە نێودەوڵەتی و سەختەی کە ئۆباما بە دانوستان و ڕێککەوتنێکی فراوانی گەیاند لەپێناو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لەسەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی و ئاسایشی هاوپەیمانەکانی و لەسەرووشیانەوە ئیسرائیل، ترەمپیش بۆ هەمان ئامانج بەڵام بەڕێگایەکی جیاواز و لەبری دانوستان و دیپلۆماسییەت، بە کشانەوە لە ڕێککەوتننامەکە و سەپاندنەوەی سزا بەسەر ئێراندا و گۆشەگیرکردنی، هەوڵی بۆ دا. سەبارەت بەو کارەی ترەمپ، هەڵوێستی سیاسیی جیاجیای هەرێمی و نێودەوڵەتی بوونی هەبوو، ئیسرائیل بە پلەی یەکەم و هەندێک وڵاتی عەرەبی بەدوایدا، پشتیوانیان لێکرد. هەندێک دەوڵەتیش لە پێشیانەوە ئێران و بەدواشیدا وڵاتانی ئەوروپا دژایەتیان کرد.

### تەوەرەی دووەم: ئایندەی ئاسایشی ئیسرائیل دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەکە

ئیسرائیل لەسەرەتای دەستپێکردنی دانوستانە نێودەوڵەتییەکانەوە تا دەگاتە دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی کۆتایی لەنێوان وڵاتان ٥+١ و ئێران، بەردەوام دژایەتی خۆی بۆ هەوڵە دیپلۆماسییەکان خستۆتەڕو و، تێکۆشانی زۆری لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ڤییەننایی ناوەکی کردووە. هەرچەندە دوای چەند ساڵێک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەک سەرەکیترین و بەهێزترین دەوڵەتی ناو کۆمەڵەی ٥+١ لە ڕێککەوتنەکە کشاوەتەوە، بەڵام ئایا دوای ئەو کشانەوەیە مەترسییەکانی قەیرانی ناوەکی ئێران لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل کۆتاییان هاتووە، یاخود کەمتر بوونەوە؟ ئەگەر وەڵامەکە نەخێرە، ئەی ئایندەی ئاسایشی ئیسرائیل دوای ئەو کشانەوەیەی ئەمەریکا چۆن و بە چ شێوازێک دەبێت یاخود لەبەردەم چی بژاردە و ئەگەرێکدا دەبێت؟ هەوڵ دەدەین لەم تەوەرەدا بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێین.

ئەو ترسەی ئیسرائیل لە ڕۆڵی ئێران لەدوای ڕێککەوتنەکە و دڵخۆشبوونی بە کشانەوەی ئەمەریکا، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە بە تێڕوانینی ئیسرائیل جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە ناوەکییەکە دەبووە هۆی گێڕانەوەی ئێران بۆ بازاڕ و سەرشانۆی نێودەوڵەتی. ئەمەش وادەکات پێگە و ڕۆڵ و کاریگەری بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە فراوانخوازییەکەی لەناوچەکەدا زیاتر بێت و خەونە لەمێژینەکەی (تەواوکردنی هیلالی شیعی) بەدیبهێنێت. بەمەش ئێران قۆناغی بەرگری و شەڕی بە وەکالەت تێدەپەڕێنێت بۆ هێرش و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیلدا، بەتایبەت بەهۆی بوونی گرووپ و گەرای لایەنگری خۆی لە عێراق، سووریا، لوبنان، فەلەستین و نزیکبوونەوەیان لە سنورەکانی ئیسرائیل(٣٩).

ئەو گومانەی ئیسرائیل تاڕادەیەک نزیک بوو لە ڕاستییەوە، چونکە دوای ڕێککەوتننامەکە جموجۆڵ و دەستێوەردان و کاریگەرییەکانی ئێران لەناوچەکەدا ڕوویان لە زیادبوون کرد، بەتایبەتیش ئامادەبوونی ئێران لەسەر خاکی سووریا کاریگەرتر و بەرفراوانتر بوو. بەجۆرێک نزیکبوویەوە لەوەی کە لەبری

شەڕی ڕاگەیاندن لەنێوان هەردوو لایەنی ئێرانی و ئیسرائیلی سەربکێشێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەیدانی، ئەمەش مەترسییەکی جددی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل دروست دەکرد(٤٠). دوای کوژرانی قاسم سلێمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەربە سوپای پاسداران، ئارادەیەکی زۆر ئەو جموجۆڵ و دەستێوەردانانەی ئێران لەناوچەکەدا ڕوویان لە کەمی کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ڕۆڵ و هەژموونی ئێران لەناوچەکەدا، بەدامەزراوەیی نەکرابوو، بەڵکو زیاتر بەهۆی کاریگەری کەسایەتی سولەیمانییەوە بوو(٤١). بەڵام هێشتا ئەو مەترسی و کاریگەرییە نەرێنییانە کۆتاییان نەهاتووە.

هەرچۆنێک بووبێت، گومان لەوەدا نییە کە بڕیاری پاشەکشەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنەکە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕەفتار و جموجوڵەکانی ئێران و مەترسییەکانی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە. ئەوروپییەکان هەرچەندە لەگەڵ کشانەوە و سڕکردنی ڕێککەوتننەکە نەبوون، بەڵام بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانی ئێران و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هاوڕان. بەو کشانەوەیەش ئەمەریکا خۆی ئازادکرد لە پابەندبوون بە بڕگە و ماددەکانی ڕێککەوتنەکە، بۆیە جارێکی تر ئابوری و کەرتی بازرگانی و وزەی ئێرانی بە ئامانج گرتەوە، لەپێناو ئەوەی کە ڕێگەنەدات ئەو دەوڵەتە لەڕووی ئابوری و داراییەوە بوژانەوە بەخۆییەوە ببینێت و دواتر بەکاربهێنێتەوە لەپێناو ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە و هاوکاریکردنی ڕێکخستن و گرووپگەرا شیعییەکان و بڵاوکردنەوەی تیرۆر لەناوچەکەدا. ئەو ڕەنگدانەوەیەش باشتر دەرکەوت کاتێک کە ڕاستەوخۆ دوای کشانەوەی واشنتۆن، ئیسرائیل هێرشی کردە سەر هەندێک بنکە و سەربازگەی ئێرانی لە سووریا و دیمەشق، بەڵام بەهۆی ئەو فشار و گۆشەگیربوونانەوە، وە لەپێناو نەچوونە ناو جەنگێکی ڕاستەوخۆوە، وەڵام و پەرچەکردارێکی ڕاستەوخۆ و هاوشێوەی بۆ ئیسرائیل نەبوو(٤٢)، بەپێچەوانەوە وەک پێشتر باسمان کرد، لە دۆخی کارابوونی ڕێککەوتننامەی ناوەکی و بەشداربوونی ئەمەریکا تیایدا، ئێران لەرێگای گرووپ و گەراکانییەوە لەدۆخێکی ڕوولەگەشە و فراوانخوازیدا بوو، تەنانەت خەریک بوو تەواو لە سنورەکانی ئیسرائیل نزیک دەبووەوە.

خاڵێکی تری زۆر گرنگ هەیە دەبێت ئاماژەی بۆ بکەین ئەویش ئەوەیە کە ئێران جگە لە بەرنامەی ناوەکی، خاوەنی لیستێک موشەک و پرۆگرامێکی تایبەت بە دروستکردن و پەرەدان بە موشەکە پێشکەوتووەکانە کە لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە جۆرەها موشەکی مامناوەند تا دوورمەودا لەخۆی دەگرێت. دیارترینیشیان مووشەکی بالیستییە کە لە توانایدا هەیە بگاتە ئیسرائیل. ئەمەش وایکردووە توانای ڕووبەڕووبوونەوە و کاریگەری دانانی لەسەر ئاسایشی نەیارەکانی و بەتایبەتیش ئیسرائیل هەبێت(٤٣). لەو خاڵەوە دەکرێت ئەوە وەربگرین کە مەترسیی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئێران لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و ئیسرائیل، بەتەنیا لە بەرنامەی ناوەکییەوە سەرچاوە ناگرن، بەڵکو سروشتی ڕژێم و ڕەفتارەکانی و ئایدۆلۆژیاکەی هۆکارن بۆ بەرهەمهێنانی ئامراز و پرۆگرامی جیاواز لەپێناو خۆپارێزی و کاریگەریدانان لەسەر ئاسایشی ناوچەکە. واتا هەتاوەکو ڕژێمەکە بەو بەهێزییەی ئێستا بمێنێتەوە، قورسە بوترێت مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و ئیسرائیل کۆتایی دێت، بەڵام بێگومان لەناوچوونی هەموو، یاخود وێرانکردنی بەشێکی سەرەکی دامەزراوە و بنکە پێکهێنەرەکانی ئەو بەرنامەیە، کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر لاوازکردنی ڕژێمەکە و دواتریش کەمکردنەوەی مەترسییەکانی.

لەبەرئەوە زۆرێک پێیان وایە کە ئیسرائیل بژاردەی سەربازی بە باشترین بژاردە بۆ کۆتاییهێنان بە قەیرانی ناوەکی ئێران، یاخود پەکخستنی و کەمکردنەوەی مەترسی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی

لەسەر ئاسایشی خۆیی و ناوچەکە دادەنێت. هاوشێوەی ئەو زنجیرە هێرشەی کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کردیە سەر کارخانە ناوەکییەکانی عێراق، جا ئەو هێرشە لە ڕێگای مووشەکە دوورمەودا و بەهێزەکانییەوە بێت، یاخود لە ڕێگای فڕۆکە جەنگییە شەڕکەرەکانییەوە، بەڵام بێگومان بێ ڕەزامەندی و هاوکاری و پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەگەری هێرشێکی لەو شێوەیە دوورە(٤٤).

هەربۆیە هەندێک پێیان وایە کە دەستپێشخەری ئیسرائیل لە وەشاندنی گورزی سەربازی پێشوەختە بۆسەر بنکە و ناوەندە ناوەکییەکانی ئێران لە قۆناغی ئێستادا بژاردەیەکی ئاسان نییە. چونکە ئەگەر هەیە ئەنجامدانی کارێکی لەو شێوەیە بە پێشێلکاری بڕیار و کۆدەنگییە نێودەوڵەتییەکان لێکبدرێتەوە، هەروەها لەبری دەرئەنجامی ئەرێنی و لەناوبردنی ئەو بەرنامە ناوەکییە، بۆی هەیە ببێتە هاندەر بۆ هێنانەئارای شەڕێکی گەورە، یاخود جۆرێک لە پێشبڕکێی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی لەنێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا(٤٥). بەڵام هەندێکی تر دۆخەکە بەپێچەوانەوە دەبینن و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە نزیکترین سیناریۆی بەردەم ئێران و لایەنگرەکانی لەلایەک و ئیسرائیل و هاوپەیمانانی لەلایەکی ترەوە برینییە لە «ئەگەری ڕوودانی بەریەککەوتن». هەتا ئەو هێرشانەی کە لەلایەن ئیسرائیلەوە ناو بەناو دەکرێنە سەر هەندێک لە هێزە ئێرانییەکان و شوێنکەوتوانیان لەناو خاکی سووریا، بە سەرەتاکانی ڕوودانی ئەو شەڕە دادەنێن، تەنها ئەوە ڕوونەداوە کە ئێران تاوەکو ئێستا وەڵامی ڕاستەوخۆ و هاوشێوەی نەبووە(٤٦). زیاد لەوەش زانایەکی ناوەکی دیار بەناوی (موحسین فەخری زادە) لەناو خاکی ئێراندا کوژرا، بۆ ئەم کارەش تاران دەستی تۆمەتی بۆ ئیسرائیل و دەزگا هەواڵگرییەکانی درێژکرد(٤٧)، بەڵام لەبەرامبەردا کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەنواند.

ڕایەک هەیە پێیوایە هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ دژایەتی بەرنامەی ناوەکی ئێران و لەناوبردنی، بەتەنیا سیاسەتێکی بەرگری و خۆپارێزی نییە لەپێناو پاراستنی بوون و مانەوەی خۆیی و ئاسایشەکەیی، بەڵکو زیاد لەوە ئیسرائیل دەیەوێت لە ناوچەکەدا بەتەنیا خۆی خاوەنی چەکی ناوەکی بێت، یاخود ئەوپەڕی هەوڵبدات کە هیچ وڵاتێکی نەیاری نەبێتە خاوەنی ئەو چەکە، ئەمەش لەپێناو ئەوەی کە پێگەی کاریگەری خۆی وەک بەهێزترین دەوڵەتی ناوچەکە بپارێزێت(٤٨). لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش (مانەوەی خۆی وەک دەوڵەتی هەرە بەهێزی ناوچەکە یاخود ڕێگری لە دەوڵەتانی نەیاری بۆ ئەوەی نەبنە خاوەن چەکی ناوەکی)، ڕەنگە هەر ئامرازێک کە پێویست بێت و بەگونجاوی بزانێت بەکاری بهێنێت، یاخود لانی کەم تەواوی هەوڵ و تەقەلاکانی خۆی لەو پێناوەدا بخاتەگەڕ.

**دەرەنجام**

١. بەرنامەی ناوەکی ئێران، مێژوویەکی تارادەیەک دوورتری هەیە، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٢ەوە، کاتێک چەند ناوەندێکی ناوەکی نهێنی هەستیار ئاشکرا بوون، دۆسییەکە بوو بە قەیرانێکی گەورە و کاریگەر و مەترسیدار لەسەر ئاسایشی جیهان و ناوچەکە و بەتایبەت وڵاتی ئیسرائیل.

٢. دوای دروستبوونی ئەو قەیرانە گەورە و کاریگەرە، لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەوڵی جیاجیا درا لەپێناو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی قەیرانەکە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و بەرژەوەندی و هاوپەیمانەکانی وڵاتە گەورە و کاریگەرەکانی جیهان، لەسەرووشیانەوە ئاسایشی ئیسرائیل.

٣. سەرەڕای پەیڕەوکردن لە سزا و فشارە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان، بەکارهێنانی دانوستان و ئامرازە دیپلۆماسییەکان سەرەکیترین و کاریگەرترین ڕێگا و میکانیزم بوون کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەپێناو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئەو قەیرانە لەسەر ئاسایشی جیهان و ناوچەکە و ئیسرائیل بەکاریان هێنا. لە دەرئەنجامیشیاندا چەند ڕێککەوتننامەیەکی

نێودەوڵەتی سەبارەت بەو پرسە هاتنەئاراوە، لە هەمووشیان فراوانتر و گرنگتر ڕێککەوتننامەی ناوەکی ڤییەننا ناسراو بە «پلانی کارکردنی هاوبەشی گشتگیر» بوو، کە بەهۆییەوە دەبوو بەشێکی زۆری توانا ناوەکییەکانی ئێران کەمبکرێنەوە، لەبەرامبەر هەڵگرتن بەشێکی زۆری سزا نێودەوڵەتییەکان لەسەری.

٤. سەرەڕای لەناوبردنی بەشێکی زۆری توانا ناوەکییەکانی ئێران بەهۆی ڕێککەوتننامەکەوە کە دەبوو بەشێکی زۆری کاریگەری و مەترسییەکانی قەیرانەکەش لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و ئیسرائیل کەمبکاتەوە، بەڵام ئیسرائیل بەتووندی دژی وەستایەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی پێیوابوو کە ئەو ڕێککەوتننامەیە شەرعێتێکی نێودەوڵەتی بە بوون و مانەوەی بەرنامە ناوەکییەکە دەدات و لەگەڵیشیدا بەشێکی زۆری سزاکانی سەر ئێران هەڵدەگرێت، بەمەش ئێران دەگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زیاتر دەتوانێت دەستێوەردان لەناوچەکەدا بکات، بەهۆی ئەمانەشەوە مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل و بوون و مانەوەی زیاتر دەبن.

٥. کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ناوەکی ڤییەننا لە ساڵی ٢٠١٨، کاریگەری زۆری لەسەر ڕێککەوتننامەکە و دواتریش مەترسی و کاریگەرییەکانی بەرنامەکە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و ئیسرائیل دروستکردەوە. ئیسرائیل بە توندی پشتیوانی ئەو کارەی ئەمەریکا دەکات و پێیوایە بەهۆیەوە مەترسی و کاریگەرییەکانی ئێران لەسەری کەمتر بوونەتەوە، بەڵام هێشتا داوای گۆشەگیرکردنی زیاتری ئێران و کەمترکردنەوەی ڕۆڵ و نفوز و دەستێوەردانەکانی دەکات، لەپێناو پارێزراوبوونی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیی.

٦. دوای کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتننامەکە، هەم ئایندەی ڕێککەوتننەکە و هەمیش کاریگەرییەرییەکانی قەیرانی ناوەکی ئێران لەسەر ئایندەی ئاسایشی ئیسرائیل کەوتوونەتە بەردەم چەند بژاردە و ئەگەرێکی جیاواز، هەر لە گەڕانەوەی ئەمەریکا بۆ ڕێککەوتننامەکەی پێشوو بۆ ئەگەری ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەیەکی باشتر و فراوانتر، تا دەگاتە بە کراوەیی مانەوەی بژاردە سەربازییەکان لەبەردەم قەیرانەکە. ئەمانەش دیسان لەپێناو کەمکردنەوەی مەترسی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەرنامەکە لەسەر ئاسایشی جیهان و ناوچەکە و ئیسرائیل و بەرژەوەندی و هاوپەیمانەکانی زلهێزەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوا.

## سەرچاوەکان


(١) د. رياض الراوي: البرنامج النووي الإيراني: واثره على منطقة الشرق الأوسط، الطبعة الأولى، دمشق: الأوائل للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦، ص١١١.

(٢) د. وسام الدين العكلة: التحدي النووي الإيراني حقيقة ام وهم؟ دراسة علمية قانوينة لواقع برنامج ايران النووي وتداعياته الإقليمية والدولية، الطبعة الأولى، سوريا: دار سوريا الجديدة للطباعة والنشر، ٢٠١٣، ص٩.

(٣) د. ستار جبار علاي: البرنامج النووي الإيراني وتداعياته الإقليمية والدولية، الطبعة الأولى، بغداد: بيت الحكمة، ٢٠٠٩، ص٧٩.

(٤) رائد حسين عبد الهادي حسنين: «البرنامج النووي الإيراني وانعكاساته على الأمن القومي الإسرائيلي ١٩٧٩-٢٠١٠»، رسالة ماجستير، كلية الآداب والعلوم الإنسانية، قسم الدراسات العليا، جامعة الأزهر- غزة، ٢٠١١، ص٣٥.

(٥) المصدر نفسه، ص٣٦ و ٣٧.

(٦) بۆ زانیاری وردەکاری زیاتر لەو بارەیەوە، بڕوانە: كوسرت خدر: المفاوضات الدولية حول البرنامج النووي الإيراني وآفاقها المستقبلية، السليمانية: مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، ٢٠١٨، ص٥١_٥٢_٥٣.

(٧) د. زينب عبدالعظيم محمد: الموقف النووي في الشرق الأوسط في اوائل القرن الحادى والعشرين، الطبعة الأولى، القاهرة: مكتبة الشروق الدولية، ٢٠٠٧، ص١٢٩_١٣٠.

(٨) جورج بير كوفيتش: البرنامج النووي الإيراني بعد الانتخابات الرئاسية الإيرانية عام ٢٠٠٥، من: مجموعة مؤلفين: البرنامج النووي الإيراني (الواقع والتداعيات)، ابوظبي: مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ٢٠٠٧، ص٥٠_٥١.

(٩) د. محمد نورالدين عبدالمنعم: النشاط النووي الإيراني من النشاة وحتى فرض العقوبات، القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ٢٠٠٩، ص٢٧.

(١٠) عامر عباس: البرنامج النووي الإيراني في ضوء القانون الدولي، لبنان: مكتبة زين الحقوقية والأدبية، ٢٠١٢، ص١٦٧.

(١١) المصدر نفسه، ص١٦٧.

(١٢) رائد حسين عبد الهادي حسنين: المصدر السابق، ص١٥١.

(١٣) بڕوانە: د. وسام الدين محمد العكلة: دور الوكالة الدولية للطاقة الذرية في الرقابة على استخدام الطاقة النووية للأغراض السلمية- دراسة تطبيقية على الملف النووي الإيراني في ضوء احكام القانون الدولي، سوريا: جامعة دمشق، ٢٠١١، ٤٤٠_٤٤١.

(١٤) اميلي بـ. لنداو وافرايم اسكولاي: برنامج ايران النووي والمفاوضات مع الترويكا الأوروبية، من: مجموعة مؤلفين اسرائيليين: اسرائيل والمشروع النووي الإيراني، ت: احمد ابو هدبة، الطبعة الأولى، بيروت: الدار العربية للعلوم الناشرون، ٢٠٠٦، ص٧٤.

(١٥) د. محمد نورالدين عبدالمنعم: المصدر السابق، ص٣٩_٤٠.

(١٦) د. رانية محمد طاهر: السلاح النووي بين مبادئ الشرعية الدولية وحتميات القوة (دراسة مقارنة للسياسات النووية لكل من ايران وكوريا الشمالية)، القاهرة: المكتب العربي للمعارف، ٢٠١٣، ص٢٠٠.

(١٧) كوسرت خدر: المصدر السابق، ص١١٠.

(١٨) د. ياسر عبد الحسين: السياسة الخارجية الإيرانية مستقبل السياسية في عهد الرئيس حسن روحاني، بيروت: شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، ٢٠١٥، ص٢٢٣.

(١٩) Joint Plan of Action, Geneva, ٢٤ November ٢٠١٣.

(٢٠) بۆ بینینی دەقی لێکنێکەیشتنەکە بە زمانی ئینگلیزی بڕوانە:

Parameters for a Joint Comprehensive Plan of Action regarding the Islamic Republic of Irans Nuclear Program, The White House Website, end edit ٢ April ٢٠١٥, on this link:-

https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/٢٠١٥/٠٤/٠٢/parameters-joint-comprehensive-plan-action-regarding-islamic-republic-ir

(٢١)Joint Comprehensive Plan of Action, Vieanna, ١٤ July ٢٠١٥.

(٢٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دەقی ڕێککەوتننامەکە:-

Joint Comprehensive Plan of Action, Vieanna, ١٤ July ٢٠١٥.

(٢٣) كوسرت خدر: المصدر السابق، ص١٣٣.

(٢٤) د. نـورة الحفيـان: مسـارات الموقـف الأمريكـي مـن الملـف النـووي الإيرانـي، المصـر: المعهـد المصري للدراسـات، تقديـرات السياسـية، ٥ اغسـطس ٢٠١٩، ص٣.

(٢٥) وحـدة تحليـل السياسـات فـي المركـز العربـي: الموقـف الإسـرائيلي مـن الاتفـاق النـووي الإيرانـي، قطـر: المركـز العربـي للأبحـاث ودراسـة السياسـات، يوليـو ٢٠١٥، ص٦.

(٢٦) مريـم عبـد السـلام موسـى: الموقـف الإسـرائيلي مـن الملـف النـووي الإيرانـي، موقـع المركـز العربـي للبحـوث والدراسـات، ٢٦ فبرايـر ٢٠٢٠، علـى الرابـط الأتـي:

http://www.acrseg.org/٤١٥٠٦

(٢٧) المعهـد الدولـي للدراسـات الإيرانيـة: سـيناريوهات مـا بعـد الانسـحاب الأمريكـي مـن الاتفـاق النـووي مـع ايـران، علـى موقـع المعهـد الدولـي للدراسـات الإيرانيـة، ١٥ مايـو ٢٠١٨، علـى الرابـط الأتـي:

https://rasanah-iiis.org/%D٨AF%%D٨%٨٢%AA%D٩%D%/٨١%D٩%٨٢%D٩%٨٨%D٩%٨٥%D٩%-B١%٨A%D٨%D٩٨A%D%D٩%B١%D٨%AV%D٨%٨٦%٨A%D٩%D٩%B٣%٨-AV%D٨%٨٥%AA-%D٩%D٨%AV%D٨%٨V%D٩%٨٨%٩%AV%D٨%٨٤%D٩%AV%AF-%D٨%D٨%B٩%D٨%A٨%D٨%%AV%D٨%-A٨%D٨%AV%AD%D٨%D٨%B٣%D٨%٨٦%D٩%D٩%٨٣%٨A%D٩%D٩%B١%D٨%٨٥%D٩%A٣%D٨%٨٤%D٩٨٥%٨A-%D٩/

(٢٨) هالـة محمـود طـه دوديـن: السياسـية الأمريكيـة تجـاه الملـف النـووي الإيرانـي «٢٠٠٠_٢٠١٩»، مجلـة مـدارات ايرانيـة، برليـن: المركـز الديمقراطـي العربـي، العـدد (٤)، ٢٠١٩، ص١٥٤.

(٢٩) بێسـتون حسـێن عـارف: ئێـران و ئیسـرائیل لـە ناکۆکییـەوە بـۆ ناکۆکـی؛ ڕۆڵـی ئیدارەکانـی ئۆبامـا و ترەمـپ لـەو ناکۆکیانـەدا، سـلێمانی: ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەکان، زنجیـرە (٦٧)، تشـرینی دووەمـی ٢٠١٩، ل١٢.

(٣٠) بێستون حسێن عارف: سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

(٣١) بێسـتون حسـێن عـارف: سـتراتیجی نوێـی ئەمەریکا بـۆ ئیحتیواکردنـی ئێـران لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا: لـە ئیدارەی ئۆبامـەوە بـۆ ترەمـپ، سـلێمانی: ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەکان، زنجیـرە (٣٤)، تشـرینی دووەمـی ٢٠١٨، ل١١.

(٣٢) هالة محمود طه دودين: المصدر السابق، ص١٥٤.

(٣٣) المعهـد الدولـي للدراسـات الإيرانيـة: المصـدر السـابق.

(٣٤) المعهـد الدولـي للدراسـات الإيرانيـة: المصـدر السـابق.

(٣٥) بێسـتوون حسـێن عـارف: گەمارۆکانـی چەک لەسـەر ئێـران: پرسـە ناکۆکەکـەی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، سـلێمانی: ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەکان، زنجیـرە (٩٩)، تشـرینی یەکەمـی ٢٠٢٠، ل١٢.

(٣٦) هالة محمود طه دودين: المصدر السابق، ص١٦٠.

(٣٧) مركـز المسـتقبل للأبحـاث والدراسـات المتقدمـة: انعكاسـات الانسـحاب الأمريكـي مـن الاتفـاق النـووي (ملـف خـاص)، علـى موقـع مركـز المسـتقبل للأبحـاث والدراسـات المتقدمـة، ١٣ مايـو ٢٠١٨، علـى الرابـط الأتـي:

https://futureuae.com/ar-AE/FutureFile/Item/٤٠%-٨٥%D٩%AV%D٨%B٣%D٨%٨٢%D٩%٨٦%D٩%AV%D٨AV%D٨%٨١%D٩%٨٤%AD%D٩%D٨%٨٤%D٩%AV%D٨%A%D٨%٨٣%D٩%B٩%D٨%٨٦%D٩%AV%D٨%-A١%D٨%D٨%٨٤%D٩%AV%AA-%D٨%D٨%AV%D٨%B٣%D٨%V-A٨%D٨%AV%AD%D٨%D٨%B٣%D٨%٨٦%D٩%AV%٨A%D٩%B١%D٨%٨٥%D٩%A٣%D٨%٨٤%D٩%AV%D٨%D٩%AV%D٨%-٨٦%D٩%٨٥%٨A-%D٩%D٩%٨٣%%D٩-٨٢%D٩%AV%D٨%٨١%AA%D٩%D٨%AV%D٨%٨٤%٨A-%D٩%٨٨%D٩%٨٨%D٩%٨٦%D٩%٨٤%D٩%AV%D٨%B٥%D٨%AV%AE%D٨%D٨%-٨١%D٩%٨٤%D٩%٨٥%%D٩

(٣٨) هالـة محمـود طـه دوديـن: المصـدر السـابق،

ص ١٥٩_ ١٦٠.

(٣٩) المعهد الدولي للدراسات الإيرانية: المصدر السابق.

(٤٠) المسار للدراسات الإنسانية: توجهات ايران في ظل الانسحاب الأمريكي من الأتفاق النووي واعادة فرض العقوبات، لا: المسار للدراسات الإنسانية: يوليو ٢٠١٩، ص١٩.

(٤١) بێستوون حسێن عارف: کوژرانی قاسم سولێمان؛ دەستپێک یان کۆتایی گەمەکەی نێوان ئەمەریکا و ئێران، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، زنجیرە (٧٥)، کانوونی دووەمی ٢٠٢٠، ل٨.

(٤٢) المعهد الدولي للدراسات الإيرانية: المصدر السابق.

(٤٣) بڕوانە: بێستوون حسێن عارف: ئایا ئێران پێشێلی ڕێککەوتننامە ناوەکیەکەی کردووە بە ئاقیکردنەوەی موشەکی بالیستی؟ سلێمانی: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، زنجیرە (٦)، ئازاری ٢٠١٨، ل٨و٩.

(٤٤) مريم عبد السلام موسى: المصدر السابق.

(٤٥) وحدة تحليل السياسات في المركز العربي: المصدر السابق، ص٦.

(٤٦) محمد ابو سعدة: ماذا لو الغت امريكا الاتفاق النووي مع ايران؟، المصر: المعهد المصري للدراسات، تقديرات سياسية، ٤ مايو ٢٠١٨، ص٥.

(٤٧) غضب في ايران لمقتل فخري زادة وصحيفة اسرائيلية: ترامب بارك الاغتيال، موقع الجزيرة نت، ٢٠٢٠/١١/٢٩، على الرابط الأتي:-

١١/٢٠٢٠/https://www.aljazeera.net/news/politics
A%٨A%D٨%AA%D٩%BA%D٨%D٨%A٧%D٨%/٢٩/
٨A-%D٩%B١%AE%D٨%D٨%٨١%D٩%-٨٤%D٩%٧
٨٢%D٩%-٨٧%AF%D٩%D٨%A٧%D٨%B٢%%D٨
A٧%D٨%A٨%٨A%D٨%D٩%٨٤%D٩%A٧%D٨%
-٨٨%D٩%B٩%AF%D٨%٨A%D٨%D٩%-٨١%D٩%
AF%D٨%B١%D٨%-٨٩%D٩%٨٤%D٩%A٥%D٨%

(٤٨) مريم عبد السلام موسى: المصدر السابق.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS